هاتوچۆی گشتی میکانیزمی ڕێکخستنی شەقامەکان هادگەیەنێت و مەرجەکانی کەمکردنەوەی غەرامە ڕوون دەکاتەوە

بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی گشتی، ئەمڕۆ پێنجشەممە، پێکهێنانی ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی بۆ ڕێکخستنی شەقامەکان ڕاگەیاند، هاوکات ئاماژەی بۆ کرد کە کەمکردنەوەی بڕی سزاکان (غەرامەکان) بەستراوەتەوە بە هەموارکردنەوەی یاسا یان دڕچوونی لێخۆشبوونی پەرلەمانی.

عەقید حەیدەر شاکر، بەڕێوەبەری لقی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی گشتی بۆپی ئاژانسی هەواڵی فەرمی کەموتەبع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند: ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان لەگەڵ ئەمانەی بەغدا و شارەوانییەکان و فەرمانگەی ڕێگاوبان و پردەکان هەیە، کە ئامانجیان پەرەپێدانی خزمەتگوزاریەکان و ڕێکخستنی شەقامەکانە بە باشترین شێوە، ئاماژەی بۆش کرد کە ڕێکخستنی جووڵەی هاتووچۆ بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشە لە نێوان ئۆو لایەنانەدا

زیاتر وتی: دروستکردنی پەرژینە ئاسنییەکان ودورگەکانی ناوەڕاست لە چوارچێوەی پسپێی و دەستاتی ئەمانەی بەغدا و فەرمانگەی ڕێگاوبان و پردەکاندایە، هاوونیشی کردەوە کە کەمکردنەوەی سزاکان یان گرتنەوەیان بە لێخۆشبوون، تەنها لە ڕێگەی هەموارکردنەوەی یاسای هاتووچۆ یان دڕچوونی بڕیاری لێخۆشبوون لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە جێبەجێ دەکرێت